# رۆژهەڵات
فرهنگی اجتماعی سیاسی اقتصادی
Rojhelat Independent Weekly

دوشنبه ۱۸ مهر ۱۳۸۴ ■ ۶ رمضان ۱۴۲۶ ■ ۱۰ اکتبر ۲۰۰۵

سال دوم ■ شماره‌ی ۴۱ ■ ۱۶ صفحه ■ ۱۰۰ تومان


## او یک چپ لیبرال است



جمال محمدی دانشجوی دکتری جامعه‌شناسی نظری و فرهنگی، از نویسندگان و مترجمان خوش‌آتیه‌ی کرد است که اخیراً ترجمه‌ی فارسی یک کتاب مهم و بحث‌برانگیز را از فیلسوف آلمانی «یورگن هابرماس» به‌عنوان اولین تجربه‌ی کاری خود منتشر کرده‌است. اهمیت این کتاب و تازه بودن این تجربه در میان مترجمان کرد بهانه‌ای شد تا با محمدی در این رابطه . . .

صفحه‌ی ۶

## ادبیات ممکن، ادبیات کردی



عرصه‌ی ادبیات آن‌قدر گسترده است که همه‌ی تلاش‌ها برای تحدید و تعریف دقیق مرزهای آن به راحتی با شکست مواجه می‌شود. اما همین گستردگی، تنوع و سیال بودن ایجاب می‌کند که به صورت مداوم هستی آن را مورد ارزیابی و توجه قرار دهیم. این کار امکان شناخت بهتر سویه‌های بحران‌زده‌ی ادبیات‌مان را فراهم ساخته و آستانه‌ی تعامل آن با ادبیات . . .

صفحات ۸ و ۹

## پاش قەبووڵکردنی ۸۰ هەزار لاپەڕە لە یاسای ئەورووپا

# پرسی کورد لە تورکیا




پاش ٤٠ ساڵ لە یەکەم داخوازیی تورکیا بۆئەندامبوون لە ئەورووپا، سەرەنجام حەوتەی پێشوو یەکێتیی ئەورووپا بڕیاری‌دا کە بە شێوەی رەسمی گفتوگۆ دەربارەی بە ئەندامبوونی تورکیا لە ناو ئەو یەکێتییەدا دەست پێبکات. لە دانیشتنێکی درێژخایەندا عەبدوڵا گوڵ وەزیری دەرەوەی تورکیا لە گەڵ ئەندامانی یەکێتیی ئەورووپادا گەشتنە ئەو ئەنجامەکە وتووێژە رەسمییەکان بۆ بە ئەندامبوونی ئەم وڵاتە لە یەکێتیی ئەورووپادا دەست پێبکەن.

سەرەڕای ئەوەی زۆرێک لە ئەندامانی یەکێتیی ئەورووپا و خەڵکی وڵاتانی ئەورووپا و رۆشنبیران و رۆژنامەوانان نەیارن لە گەڵ بە ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتیی ئەورووپادا، بەڵام لە گەڵ هەموو ئەو دژایەتییانە ئەم گفتۆگۆیانە دەستی پێکرد و وێدەچێ جێبەجێکردنی مەرجەکانی ئەورووپا لە لایەن تورکیاوە لە ۱۰ ساڵەوە بۆ ۱۵ ساڵ درێژە بکێشێت.

دیارە هەرکام لەو لایانانە بە شێوەگەلێکی جیاواز و لە بەر هەندێ هۆی . . .

بڕوانە لاپەڕەی ۱۵


فرهنگ


سیاسی



جامعە



ئەندیشە


سیاسەت


تیۆر


## ئەدۆنیسی رەخنەگر
لاپەڕەی ۱۰

## نفت کردستان به اسرائیل می‌رود
صفحه‌ی ۲

## خەباتی نافەرمانیی مەدەنی: دیالۆگێک
لاپەڕەی ۱۱

## صدور کیفرخواست برای دستگیرشدگان اخیر
صفحه‌ی ۲

## دەربارەی قسەکردن
لاپەڕەی ۱۲

## تشدید اختلاف میان طالبانی و جعفری
صفحه‌ی ۵

## یەشار کەمال لە کوردبوونی ئەدوێ
لاپەڕەی ۱٤

## پ ک ک: طرف ما اروپاست
صفحه‌ی ۷


## عەقڵی باوی کورد

رەزا عەلی‌پوور

**۱** مرۆڤ لە هەموو قۆناغ و حاڵەتێکدا مەعریفەیەکی بووە و هەیە، ئەم مەعریفەیە ئەکرێ مەعریفەیەکی ئوستوورەیی و جادوویی بێت، یان مەعریفەیەکی عەقڵانی، یان شعوورێکی باو و... هتد. رەنگە لە روانینێکدا هەموو پرسی فەلسەفە و ململانێکانی کەڵەکە کردنی مەعریفەی مرۆڤ (فەلسەفە لە پێگەی ئاگایی بەخشیندا) و گۆڕینی مەعریفەیەک بۆ مەعریفەیەکی دیکە و... بێت. بۆ نموونە ئەوەی لە فەلسەفەی یۆنان و لەلای فەیلەسووفانی سروشتی کەڵکەڵەیە، شتێک نییە جگە لە وەرگرتنی مەعریفە و تێگەیشتن لە هەستی، یان باشتر بوترێ «زەوی»، کە دواتر ئەم حاڵەتە سروشتی و ناتۆراڵە دەگۆڕدرێت و دەبێتە پرسگەلێکی میتافیزیکی و هێندە بەربڵاو دەبێتەوە کە هەموو دیاردەیەک لە ئەخلاقەوە بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگا و... ئەبێ بە کەڵکەڵەی مرۆڤ و دەکەونە ناو مەعریفەوە، ئێستە ئەم مەعریفەیە هەرچۆنێک بێت و ناوی هەرچیی لێبنرێت. بەڵام تا سەردەمی مودێڕن بە وتەی ئێرنێست گێلنێر مەعریفە هێشتا خۆی بەشێکە لە جیهان و ژیان و جگە لەوەش هەندێ هەرێم هەیە نائاشکراو مرۆڤ ناتوانێ بیانداتە بەر مەعریفە.

**۲** لە سەردەمی مودێڕندا جیهان بە تەواوی دەچێتە ناو مەعریفەوە و بە پێناسەیەک جیهان ئەوەیە کە لە ناو مەعریفەدایە و، هەر لێرەوە شێوەکانی دیکەی مەعریفە «وەک مەعریفەی ئایینی و ئوستوورەیی و...» لەبەردەم مەعریفەی مودێڕن و «عەقڵانییەت»دا پاشەکشێ دەکەن. هەرچەند کانت باس لە خاکەڕایی و نەتوانایی عەقڵ دەکات و دەڵێ عەقڵ هەموو شتێک درک ناکات، بەڵام ئەمە خێرا فەرامۆش دەکرێت و عەقڵ دەکرێتە ئەو چرایەی (وەک فەیلەسووفانی رۆشنگەری دەیانگوت) هەموو قوژبنێک دەردەخا، لەمەش سەرتر دەڕوا و بانگەشەی زاڵبوون بەسەر هەموو رەهەندێکی ژیاندا دەکات و پاش کاولکاری و شکستەکانی عەقڵ، مرۆڤ ناچار بوو جارێکی دیکە پاکژی و پاکیزەیی لە مەعریفە و عەقڵ بسێنێتەوە و دان بنێ بە هەڵەکاندا. بەڵام بەری ئەم پرۆسەیە (ئەگەرچی گەلێک رووداو و گرفتی بۆ مرۆڤ نایەوە کە ئێستەش یەخەی بەرنەداوە) ئەوە بوو کە مرۆڤ عەقڵی رەخنەگری دەست خست و هۆشیاری و رۆشنگەری بە شێوەیەکی بەربڵاو پەرەی سەند. هەڵبەت ئەمە نەک بەو مانایە سیستەم و گێڕانەوە گەورەکان و... هاوکات دەسەڵاتدار و گەورەتر نەبووبێتن، بەڵام لانیکەمەکەی ئەنجامی ئەو پرۆسەیە ئەوە بوو مرۆڤ کۆمەڵێک سەرچاوەی «رۆشنبیری» و کانوونی مەعریفیی کەوتە بەردەست کە ئەتوانێ عەقڵی ئاسایی و باوی مرۆڤ دەوڵەمەند بکات. ئەمە زۆر بەگشتی ئەو پرۆسەیەیە کە مرۆڤی رۆژئاوایی و مودێڕن پێیدا تێپەڕیوە.

**۳** ئەگەر بە هەر شێوەیەک بڕوانین و لە هەر چەمکێک وەک عەقڵی باو، ئێپیستم، گوتار و... کەڵک وەربگرین عەقڵ و مەعریفەیەک هەیە کە بە شێوەیەکی گشتی خەڵک و جەماوەری کۆمەڵگایەک کەڵکی لێوەردەگرن و لەبەرئەوەی ئەم عەقڵە باوە زۆرجار سەرچاوەی هاوبەشی هەیە هەندێ فاکتۆر و بەرئەنجامی هاوبەشیشی لە بەکار گرتنیدا لای کەسەکان لێدەکەوێتەوە. ئێستە دەکرێ بوترێ مرۆڤی کورد چۆن و لە کام سەرچاوەی مەعریفییەوە سەیری جیهان و خۆی و مەعریفەکەی دەکات؟ ئەگەر وەک ریکۆر بنەڕەتیترین پرسی مرۆڤ بە تێڕامان و لەخۆ گەیشتن بزانین ئەم پرسیارە دێتە ئارا کە شێوەی تەعبیر و تێڕامانی مرۆڤی کورد بەگشتی لەکام کانوونی مەعریفی و لەکام سەرچاوەوە سەر دەگرێ؟ ئایا بۆ مرۆڤی کورد خودی بیرکردنەوە نەک ناوەرۆکی حەقیقیی بیرکردنەوە چەندە گرنگە؟

گەڕانەوە بۆ مێژووی کورد ئەمە دەسەلمێنێ کە «بیرکردنەوە» وەک چالاکییەکی میتۆدیک ئەو رەهەندە غایبەیەکە تا ئێستەش دەبینرێ، تەنانەت بیرکردنەوەی خانی و نالی و مەحوی و... بەسانایی لەژێر ناوی مەعریفەگەلێکی ئایینی و سۆفیگەریدا دەخوێندرێتەوە. ئەمەش چەندە بیرکردنەوە و مەعریفە وەک خۆیان دەردەخا، دەکرێ بوترێ هێندەش بۆ...

بڕوانە لاپەڕەی ۱۵




ئامانجی مەکتەب لە خوێندنی وانەی «جڤاتناسی» ئەوەیە کە خوێندکار

- بەهاگەلی بنەمای دیمۆکراسی هەم دەرک بکات و هەم پیادە بکات،
- تێبگات کە ئایدیۆلۆژیی جودا و ڕوانگەی جودا تێگەیشتنی جودایان لە کۆمەڵگە هەیە،
- جڤاتی فرەفەرهەنگ بناسێت و دەرک بکات،
- گروپی میللی جودا بناسێت و دەرک بکات،
- زانیاریی هەبێت دەربارەی مافی مرۆڤ،
- زانیاریی هەبێت دەربارەی ماف و ئەرکی تاکەکەس لە کۆمەڵگەدا،
- هەم زانیاری و هەم بیردانەوەی خۆی هەبێت دەربارەی ناکۆکی و پەیوەندیی نێونەتەوەیی،
- لە ڕوانگەیەکی مێژووکردەوە، دید و دەرکی هەبێت بۆ جڤاتی کوردستان و جیهان،
- زانیاریی تەواوی هەبێت دەربارەی دۆزگەلی ژینگەپارێزی بۆ ئەوەی لە بواری دەڤەر، ناوچە و جیهاندا توانای هەڵوێست وەرگرتنی هەبێت،
- فێر بێت ڕەخنەگرانە لە هەلومەرجی جڤاکی ورد بێتەوە و هەروەها فێر بێت دەرئەنجامی ڕەفتاری جیاواز، هەم بۆ خۆی و هەم بۆ کۆمەڵگە، ببینێت،
- فێری بەڵگەکاری، دارشتنی پرسیار و دەربڕینی بیرورا بێت،
- فێر بێت چالاکانە بەشداری لە ژیانی جڤاکیدا بکات و ڕێبازی جۆراوجۆر بەکار بێنێت و هەتا دێ زیاتر پەنا بۆ هەڵوێستی زانستانە بەرێت.

لە سویدییەوە، بۆ فێرکاریی کوردستان، کراوە بە کوردی

www.komak.nu